به بۆنەی بیست و شەشەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# هەموومان ستایشێک قەرزاری (ڕامان)ین

د. نەزەند بەگیخانی

لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم، لە کاتێکدا براکان هێشتا لە جەنگی خۆکوژیدا بوون، هەرەشەکانی ڕژێمی بەعس و ئابڵوقەی ئابووری و توندوتیژی و برسێتی و نائومێدی ڕۆژەکانی تەنی بووین، کە ئەوان سەرقاڵی جەنگ بوون، گۆڤارێک بەناوی (تێڕامان- ڕامان) لە دایک بوو، ئەو گۆڤارە تەنیا هەڵگری یەک ڕەهەندی ڕۆشنبیریی و کولتووری، یان ئەدەبی نەبوو، بەڵکوو لە ڕێگای ئەمانەوە هەڵگری هیوا و خەون بوو.

کولتوور بەهەموو ژانرەکانییەوە، لە ساتە سەختەکانی ژیاندا دەشێ ببێتە خۆراک، بگرە باشترین خۆراکی ڕۆحیی و زیهنی کە وزە بە جەستە و مێشک دەبەخشێ، ڕەنگ و ئومێد بۆ مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە و جوانی بە فەزای گشتیمان دەداتەوە.

لەناو دژوارییەکانی جەنگ و خۆکوژیدا، بیرکردنەوە لە خستنەگەڕی پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریی و کولتووریی فراوان بەناوی ڕامان، ڕوئیا و ئەوپەڕی بیر وردیی و بوێری دەوێ، بۆ هەڵسانەوەی دوای کەوتنەکان، بۆ خەونبینینی دوای مەرگ و شکستییەکان، بۆ ڕەنگرێژیی ڕۆژەکانمان لەناو تاریکیی سەردەمدا، ئەمە ئەوپەڕی ئازایەتی دەوێ. ئەم بوێری و ڕوئیا و شێلگیرییە لە سەرنووسەر و نووسەرانی گۆڤاری (ڕامان)دا بەرجەستە بووە، ئێستاش دوای پتر لە ٢٥ ساڵ، سەرەڕای مەرگ و ئاڵوگۆڕیی زۆر، سەرەڕای ئالەنگارییەکان، هەر بە پێوەن و بە گوڕ و تین و جۆشوخرۆشەوە بەردەوامن.

گومانی تێدا نییە کە ڕامان یەکێکە لە باشترین و پێویستترین گۆڤاری ڕۆشنبیریی و ئەدەبیی و کولتووری ئەم سەردەمە دژوار و جەنجاڵەی ئێستامان. چارەگە سەدەیەک لە دەرچوونی گۆڤارێکی پڕ کوالیتی، کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتی لە سەدەی بیست

و یەکدا، لەناو دژوارییەکانی ئەم دەقەرە و ناسەقامگیریی سیاسیی و ئابووریی و تۆتالیتاری سۆشیەل میدیادا.

گۆڤاری ڕامان ماڵێکە دەرگای بۆ هەمووان کراوە بووە، جواگرافیایەکی فراوان هەبووە، هی یەک نەوە و توێژ و شار و پارچەی کوردستان نەبووە، بەڵکوو گۆڤاری هەموومان بووە. هەر لە سەرەتاوە بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی نووسەر و شاعیر و توێژەران و گفتوگۆی تایبەت، ڕامان هەموو نەوەکانی بەسەرکردووەتەوە و لەسەر مێژووی ئەدەبیی و کولتووریی کوردی بەرەو ئایندە هەنگاوی ناوە.

ڕۆڵی لە دروستکردنی کولتوورێکی ئەدەبی بنکە فراوان و نوێدا هەبووە، بە زمانێکی پاراو، وەک بونیادنانێک لەسەر ڕابوردوو و کرانەوە بە ڕووی نەوەی نوێ، بە کچ و کوڕەوە، لە هەر چوار پارچەی کوردستان و دیاسپۆراشدا جووڵاوەتەوە، واتە لە یەک کاتدا گرنگی بە کەسایەتییە ناودارەکانی ناو بواری کولتووریی و ئەدەبیی و ئەکادیمیی کوردی داوە، هاوتا لەگەڵ ئەوە، هاندان و ناساندن و پێگەیاندنی نەوەی نوێی داهێنەرانی کوردی لە ئەستۆ گرتووە.

لە ڕووی زمانەوانییەوە، ڕامان هاوتای نییە، چونکە بە کوردییەکی پاک و پاراو، نەک هەر زمانی کوردی پاراستووە، بەڵکوو کولتووری زمانەوانی بەرەو پێشەوە بردووە.

لە ڕووی فۆرم و دیزاین و ئیستێتیکیشەوە، ڕامان هەمیشە پیشەگەرانە و جوانناسانە بەرگ و لاپەڕەکانی بە شێوازێکی هونەریی جوان پێشکەش کردووە.

لە ڕووی ڕێکخستن و دانانی بابەتەکانەوە لێزانانە کاری کردووە، وەک نۆتەی میوزیک ڕەوانە و خوێنەر لەگەڵ خۆی دەبات و بە ڕووی نادیاردا دەیکاتەوە.

فەزڵی سەرجەم ئەم کارانە بۆ ستافی ڕامان دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی سەرنووسەرە بیرزەنگین و ئەزمووندار و خاوەن توانان و ماندوونەناسەکەی، کاک ئازاد عەبدولواحید کە بەدەر لەوەی برازایەکی زۆر ئازیزە، جێگای شانازیی هەموو کوردێکە.

ڕامان بە ڕاستی خەزێنەیە، خەزێنەیەکی بێوێنەی شیعر و کورتە چیرۆک و شانۆگەری و شێوەکاری و هەڵسەنگاندن و گوتاری ڕەخنەیی و گفتوگۆی ئەدەبیی و مێژوویی و توێژینەوەی ئەکادیمییە. لە ساڵی ١٩٩٧ کە تازە تێزی دوکتۆراکەم بە زمانی فرەنسی لە زانکۆی سۆربۆن بەناوی «وێنای ژنی کورد لەناو ئەدەبیاتی ئەوروپی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا» تەواو کردبوو، هەر ئەوکاتە ڕامان کورتەی تێزەکەمی بڵاوکردەوە، چاوپێکەوتنێکی فراوانیشی لەگەڵ کردم، دواتر زانیم کە کورتەی تێزەکەم بەو شێوەیە لە ڕامان بڵاوبووەتەوە، تەنانەت بە جیا کرابوو بە مەلزەمە و لە هەندێ زانکۆی کوردستان، لە بەشی کۆمەڵناسی خرابووە بەرنامەی خوێندن و لەنێو مامۆستا و خوێندکاران دەستاودەستی پێ کرابوو. ئەم نموونەیە ڕۆڵی سەرەکی گۆڤار و پرۆژەی کولتووری بەرجەستە دەکات لە دروستکردنی پردی مەعریفی و پێکگەیاندنی کایە جیاوازەکانی ڕۆشنبیریی و ئەکادیمی و پێگەیاندنی لاوان و قوتابیان.

دەتوانم بڵێم ئەم گۆڤارە لە سێ بواردا کاری نایابی کردووە و ڕۆشنگەرانە لەسەر بنەمای فیکر و مەعریفە خزمەتی گەیاندووە: لە بواری

ئەدەبی (بە هەموو ژانرەکانییەوە)، لە بواری هونەری و لە بواری ئەکادیمیشدا کاری کردووە، هەروەها لە ڕێگای گفتوگۆ و دیمانە بەرفراوان و دووروودرێژەکانییەوە لە بواری مێژوویی و ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری (تەحقیقی)یش جێدەستی دیارە. ئەوە جگە لەوەی بەهۆی زمانە جوان و پاراوەکەیەوە خزمەتێکی زۆری زمانی کوردی کردووە، کەواتە ڕامان ڕەهەندی ئەدەبیی و مێژوویی و هونەریی و ئەنترۆپۆلۆژیش بەرجەستە دەکات.

لە سەردەمی ئێستادا، لە کاتێکدا سیاسیی و ڕۆشنبیری بیر تەسک، فەزای ئێمەیان تەنیوە و کۆمەڵێک سنووری جوگرافی و کولتووری و زمانەوانی، لەسەر بنەمای تەسکی حیزبی و شارچێتی و لۆکاڵیزم و ئایدیۆلۆژی دروستکردووە، ڕامان بووەتە هۆکاری کۆکردنەوە و پێکگەیشتن، بووەتە سەکۆیەکی سەنگین و بەهادار کە ئەم بوارانەی لە ژینگەیەکی پڕ لە ناکۆکی و بەریەککەوتن و دژواردا پێکەوە کۆکردووەتەوە و دەنگ و داهێنانی ڕابوردوو و ئێستا و پارچەکانی کوردستان و شارەکانی بە یەکتری ناساندووە.

ئەگەرچی کایەی ڕۆشنبیریی ئێمە وەک هەموو بوارەکانی دیکە لەم ناوچەیەدا بە ڕەگەزی نێر تەنراوە، بەڵام ڕامان توانیویەتی ڕوانگەی جێندەری تێکهەڵکێش بە هەموو ئەو بوارانە بکات. کچان و ژنانی شاعیر و نووسەر بەردەوام ئامادەییان لە گۆڤاری (ڕامان)دا هەبووە، بە زیندوویی لە ناو ئەو ماڵەدا شوێنیان هەبووە، وەک ڤیرجینیا وۆلف لە وتارە بەناوبانگەکەیدا (ژوورێک بۆ خود) دەڵێ، لە دەرەوەی ئەو فەزایە نەخزێنراون. ئەم ڕوانگە جێندەری و کرانەوەیە بە ڕووی دنیای مەجازی (ڤیرچوال) پەنجەرەیەکە لە گۆڤاری ڕامان کە ئێمە پێشنیار دەکەین لە ئاییندەدا واڵاتر بەڕووی داهێنانی زیاتری کچ و کوڕە لاوەکاندا بکرێتەوە و لێیەوە بڕوانرێ.

پیرۆز بێت ساڵیادی گۆڤاری ڕامان و سوپاسگوزاریش بۆ کاک ئازاد عەبدولواحید و ستافە بچکۆلە و جوانەکەی.